# فیلمی هیندی و گۆرانی و کلیپی کوردی

دلێر هەڵە بجەیی
halabja@gmail.com

زۆرێك لەوانەمان كە تەماشای فیلمی هندیمان كردبێت ،كەم تا زۆرگلەیی زۆری و بۆری فیلمەكان و ئەوەمان هەبوە كە تەوەری زۆربەی فیلمەكان هەمان بابەتەو ،ئەوەی كەتەنها گۆڕانی بەسەردادێت تایتڵی فیلمەكەو ئەكتەرەكانیەتی ،دەنا سیناریۆو بیرۆكەو تەنانەت شوێنی دەرهێنان و ڕوداوەكانیش تاڕادەیەكی زۆر هاوشێوەن ،بۆ نمونە لەزۆربەی فیلمە هندیەكاندا ،دەبێت كوڕو كچەكە لەبەر باران سەما بكەن وباوكی كچەكە دەرەبەگێكی زۆرداربێت و ،كوڕەكەش ڕۆڵەی خێزانێكی هەژاربێت ،یان دایكێك دووكوڕی دەبێت و هەر لەسەرەتای منداڵیانەوە یەكێكیان بەهەر هۆیەك بێت لە خێزانەكەی دادەبڕێت و پاش چەند ساڵێك گەورە دەبێت و لەگەڵ براكەی تری ،(كە نایناسێتەوە ) دەكەونە شەڕێكی دەستەو یەخەو لەوەدا كە دەگەنە ئەوەی كە یەكێكیان ئەوی تریان بكوژێت ،بەقودرەتی قادر یەكتری دەناسنەوە ،ئیتر ئەو ناسینەوەیە بەهۆی نیشانەكەی سەر سنگی بێت یان بەهۆی بۆنی گۆرەویەكانیەوە گرنگ نیە ،ئیتر بەم شێوەیە كاروانی فیلمی هیندی بەردەوامە .

سەبارەت بە گۆرانی و كلیپە كوردیەكانی لەمەڕ خۆشمان حاڵ و بەسەر هاتیان لە هی فیلمە هندیەكان باشتر نیە ، چونكە بەڕاستی زۆربۆرن و زۆربەیان تەنها دیكۆر خاڵی جیاوازە لە نێوانیانداو ، ئاواز و بەناو هۆنراوەكان زۆر لێك دەچن ، هەر گە نجێك كە تۆزێ لەدەنگی خۆی ڕازی دەبێت ، دێت و خێرا هۆنراوەیەك و ئاوازێك بەیەكەوە هەڵدەكڕوزێنێت و كلیپێكی بۆ ڕێك دەخات ، كە زۆرجار كلیپەكەی لەدەرەوەی وولات بۆدەكەن ، تاوەكو چەند كچێكی بێ ناسنامەش بەچەند دۆلارێك تێیدا هەڵپەڕن ،ئیتر دواجار ئەو گۆرانی و كلیپە گوزارشت لە واقیعی كوردی دەكەن یان نا ئەوە كێشەیەك نیە ، گرنگ ئەوەیە ئەم زاتە بناسرێ و ( سی دی ) یەكانی ڕەواج پەیدا بكەن .

كەناڵە ئاسمانی و ناوخۆكانی خۆشمان ( بەتایبەت ئاسمانیەكان ) خوا لێیان ڕازی بێت ، نەبێت ،بێت ، كورە وەڵڵانەبێت ،كە هێندەی پارەی بەلاش و بێ ئارەق ڕژاویان لەبەردەست دایە دە هێندەش بێ بەرنامەو دەست كورتن لەبواری فەرهەنگی و كەلتوری و بوارە كۆمەڵایەتیەكان و ئاراستەكردنی گە نجی كورد بە ئاراستەیەكی دروستدا ، دەست بەجێ ئەو گۆرانیە بێ كەڵكانە پەخش دەكەن و كێ بڕكێیانە كە كامیان زووتر لە خوار گۆرانیەكەوە بنوسێت ( بۆ یەكەم جار ) ،ئاخر بۆ یەكەم جار دوو ئیدارەكە بونەوە بەیەك ،دەرمانی شێر پە نجەتان دۆزیەوە ،سەرچاوەیەكی دیكەی كارەباتان بۆ دابین كردین ،یان بۆیەكەم جار بەرپرسێكی گەندەڵ

درایە دادگا ؟؟ ،ئەم ( بۆیەکەم جار ) انەی دووهەم دەرمـانی دەردی ئـەمڕۆی ئێمەیـە ،نـەك ژمـارەی بـێ ئەنـداز لەگۆرانی و کلیپی بێ ماناو دور لە کولتوری کوردەواری.

ئەگەر کەسێکی بیـانی بەدواداچـونێك بکـات بـەدوای کەنالـە ئاسمانیـە کانمانـدا ، واتێـدەگات کـە کـوردی کوردستانی باشور ،هیچ کێشەیەکیان نیە جگە لە کـەمی ئـامێرە مۆسیقی یـەکان ، وە ئەگـەر بێتـو ئـەو کەسـە ببیستێ کە ئێمە لێرە ،خۆپیشاندان دەکەین لەبەر نەبونی ئاوو کارەباو ڕێگەو بان وقوتبخانەو کتێب و ،کەمی سوتەمەنی و ئـامێری پزیـشکی و،ڕاکـردن بـەدوای بـە کـرێ گـرتنی ژورێـك و ....هـەتا دواییـەکان ،ئەوکاتـە تێدەگات ئەو هەڵپەڕینەی ئێمە لە کلیپەکاندا لـەهیچ ناکـات جگـە لـە سـەمای مـەرگی مریـشکێکی سـەر بـڕراو .ئاخر بۆ نا، لەکاتێکدا چوار پێنج کەناڵ دەگۆڕیت لەیـەك کاتـدا هـەموویان هـەر گـۆرانین ؟! ، یـان ئـەوەتا بەرنامەی گۆرانی داواکراوە ، یان داخوازی بینەران ، یا چریکەی لادێ ، یا ن سۆزو ئـاواز ، یـا ڤیـدیۆ کلیـپ ، یان چاو پێکەوتن لەگەڵ ( هونەرمەند ) ێکی گەڕاوە لە هەندەرانەوە ،یان ..یان ،وە لـەنێوان ئـەم بەرنامـە پـڕ سودو پڕ پێزانەشدا جارو بار گۆرانی داوانەکراو دێتە پێشکەش کردن ...

لەکۆتـاییـدا هیواخـوازین ،گـۆرانی و کلیپـی کـوردی گوزارشـتێك بێـت لـە کێـشەو گرفتـەکا نمان ،و ناسـاندی مەرگەسات و نەهامەتیەکا نمان بێت بەوڵاتـانی دراوسێ و بێگانە ، چی تر دەرونی تـاکی کـوردی ئـازار نـەدرێت بەدەنگی ناساز و دیمەنی نا پەسەند ، وە چی تر لە بێ بەرنا مەییدا کەسێك ناوزەند نـەکرێت بـە هونەرمەنـد لەکاتێکدا کە بەدەنگی بەرز قسەدەکات هاوکات لەگەڵ ژەنینی ئامێرێکدا .